# فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان ( FDK فدك )
# لە ئەمنە سوورەکەکۆدەبێتەوەو سمینارێك دەبەستێ

کاتژمێر **10:30** ی رۆژی شەممە **2005/11/26** فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان ( **FDK** ) سمینارێکی بۆسەلاّح مەزن بەرپرسی ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستانو سەرپەرشتیاری فدراسیۆن لە باخچەی ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی رێخست , کە بەرێزیان سەبارەت بە دامزراندنی ( سەنتەری ونبووبێسەروشوێنکراوانی عێراق ) چۆنیەتی بەشدارکردنی رێکخراوو کۆمەڵەکانی کەسوکاری ونبوو بێسەروشوێنکراوانی گەلەکەمان بە گشت نەتەوەورەگەزو بیرورا جیاوازەکان و رۆڵی کەسوکاری



قوربانیانی ئەنفالکراو بێسەروشوێنکراوان لەو سەنتەرە قسەی کردو, میکانیزمی دامەزراندنو بەرێوەچونی سەنتەرەکەی بۆ ئامادەبوان شیکردەوە , کەوا لە لایەن بەشی مافی مرۆڤی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆمەکیکردنی عێراق ( **UNAMI** ) و وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق کارنامەی دامزراندنی لە کۆبونەوەکانی عەمان **24** تا **28** ی ئەیلولی **2005** گەلالە کراوەو چاوەڕوان دەکرێ لە ئاییندەیەکی نزیك کارەکانی خۆی دەست پێبکات , کە ئامانجی پێشکەشکردنی یارمەتیو ئاسانکاریکردنە بۆ کەسوکاری ونبوو ئەنفالکراو بێسەروشوێنکراوانی گەلەکەمانە تا بتوانن تەرمی قوربانییەکانی خۆیان بدۆزنەوەو بۆ زێدی بابو باپیرانیان بهێننەوە, هەروا مافی قەرەبوکردنو ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین بکەن , هەروا لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەو هەولانەی کە رێکخراوەکانی ناو فدراسیۆن دەیدەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دیکۆمینت کەوا بە پێی پلانێکی گونجاو بەرێوەدەچێو توانراوە فۆرمی زانیاری بەسەر کەسوکاری قوربانیانی ناوچەکانی کەرکوك, سلێمانیوهەولێر دابەشبکرێ, لە تەوەرێکی دیکە باسی لە هەماهەنگیو هاوکاری وەزارەتودامەزراوە حکومییەکان کرد, لەوانەش وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا, پاشان باسی لەو



داوەتنامەیە کرد کەوا بۆ (2 ) دوو رێکخراوی ئەندامی فدراسیۆن لە لایەن ( لێژنەی نێودەوڵەتی ونبوان ) هاتووەبۆ بەشداریبون لەو کۆنفرانسی نێونەتەوەییەی کە لە سەرایفۆی پایەتیختی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا لە ماوەی **5** تا **12** ی نۆڤەمبەری **2005** سەبارەت بە گۆرە بە کۆمەڵەکان دەبەسترێ , گوتی: هەوڵ دەدەین پردێك بۆ هاوکاریو زانیاری گۆرینەوە لە نێوان فدراسیۆنو تۆری رێکخراوو کۆمەڵەکانی ولاّتانی بەلقان دروست بکەین .

پاشان بەڕێز مەنسور حەمە کەریم بەڕێوەبەری گشتی ئەنفال‌و ئاوارە لە وەزارەتی مافی مرۆڤ وئەنفال‌و ئاوارە باسی ئەو کارو چالاکی‌و خزمەتگوزارییانەی کرد کە وەزارەتی ڕێکخراوی ناوبراو پێشکەشی کەسوکاری ئەنفالکراوانی کردوە, هەروا دووپاتی ئەوەشی کردەوە کە هەرچی لە تواناداب‌ێ هاوکاری فدراسیۆن دەکەن بۆ هێنانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان‌و دامەزراندنی ( سەنتەری ونبووبێسەروشوێنکراوانی عێراق ) بە هەنگاوێکی باش دانا , ئەمجار ( حوسێن گەرمیانی ) لە ڕێکخراوی قوربانیانی ئەنفال ـ سلێمانی) نمونەی ئەو فۆرمانەی پیشانی ئامادەبواندا کە بەسەر کەسوکاری قوربانیان دابەشکراون , پاشان هەریەکە لە سەلاح,مەزن لە ( ناوەندی هەڵەبجە ـ هەولێر), زەمان عەبدە لە (ڕێکخراوی ئاوارەکانی کوردستان ـ هەولێر), مەنسور حەمەکەریم ( ب.گ وەزارەتی مافی مرۆڤ) , جوان خان لە ( ڕێکخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال ـ کەرکوك ) )وەڵامی پرسیارو بەدواداچونی ڕۆژنامەن‌وس‌و ئامادەبونیان دایەوە , ئەمەو شایانی گوتنە کەوا سمینارەکە لە لایەن ڕێزدار حوسێن گەرمیانی بە جۆشوخرۆشی زۆر بەڕێوەچوو.

دواتر هەر لە ئەمنە سوورەکە فدراسیۆن کۆبونەوەی ئاسایی خۆی بەڕێوەبرد, دوای بە دواداچونی بڕیارو راسپاردەکانی کۆبونەوەی پێشو, بەرنامەیەك بۆبەرەو پێشەوەبردنی کاروباری فدراسیۆن دانراو , وێڕای ئەوەی کە ژمارەیەك تەوەرو بابەت تاوتوێکرا, بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ژمارەی یاسایی ئەندامان ئامادەنەبوون , نەتوانرا هیچ خالێك بڕیاریان لەسەر بدرێ‌ودواخران بۆ کۆبونەوەی ئایندە کە وا لە کۆتایی مانگی داهاتو دەبەسترێ .

**فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان**

**FDK**

**2005/11/26**